# ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

## لە ولام بە هەواڵێکی هەڵبەستراوی سایتی ڕێنسانس نیوز

سایتی ڕێنسانس نیوز لە ژێر ناوی "سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ناو ئۆردووگای ناوەندی کۆمەڵە_ ڕێکخراوی کوردوستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" هەواڵێکی بڵاو کردووەتەوە کە بەشی سەرەکی و ناوەرۆکی هەواڵەکە بە تایبەت ئەوەی کە بە هەلسوکەوتی کومەلە لەگەل هاوریانی ئۆپۆزسیون دەگەرێتەوە بە دوور لە راستی و هەڵبەستراوە. بۆ ئاگاداری بیر و ڕای گشتی ڕوون کردنەوەی ئەو چەند خاڵە بە پێویست دەزانین.

١. هیچ هاوڕێیەکی بەرپرسی کۆمەڵە لە هیچ ئاستێکدا پەیوەندی بە سایتی ڕێنسانس نەکردووە و ئەو لێدووانە لە زمان سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئۆردووگای کۆمەڵەوە ڕاست نییە. ئەگەر سەرچاوەی ئەو هەواڵە هاوڕێیانی ئۆپۆزسیۆنن ، هەق وابوو ناوی خۆیان بە ئاشکرا و بە بێ شاردنەوە باس بکەن.

٢. ئەوەی کە گوایا دوو کەس لە ئەندامانی "فراکسیۆن" بە ناوەکانی "سەباح مۆرادی" و "ئومید مەریوان" بە زەبری لێدان لە ئۆردوگاکان دەرکراون و هەڕەشەی لێدانیان لە سەرجەم ئەندامانی "فراکسیۆن" کردووە"، پروپاگەندەیەکی هەڵبەستراو و بەدوور لە راستییە و بۆ ئامانجێکی سیاسی نەزۆک بەکار دەبرێت. "ئومید مەریوان" و سەباحی مۆرادی لە ریزەکانی کۆمەڵە نەماوەن و هیچ جۆرە لێدان و بێ ڕێزێکیان پێی نکراوە. ئەو دوو کەسە لە بارەی بەڕێوە چوونی ژیان و پێ دانی کارتی لایەنگری و دابینکردنی ئەمنیەتیان، بە پێی سیاسەتی ئینسانی و مەسئولانەی کۆمەڵە لەگەڵیان رەفتار کراوە و دەکرێت.

٣. ئەوەی کە ئەندامانی "فراکسیۆن" مەقەرەکانی کۆمەڵەیان بەجێ هێشتووە، دەبێ بڵێین کە ژمارەی ئەوان لە پەنجەکانی دەست تێپەر نەدەبوو و هەرکامەیشیان بە هەر هۆکارێک کە ڕۆیشتوون، لە یارمەتی ماڵی و کارتی پێناسی کۆمەڵە بەهرەمەند بوون.

٤. ئەو سەرچاوەی ڕێنسانس هەر وها ڕایگەیاندووە کە "فراکسیون" تا ئێستا چەندین دانیشتنی غەیرە رەسمییان لەگەڵ دو باڵەکەی تری کۆمەڵە هەبووە و پێدەچێ لە ئاکامدا لەگەڵ ئەوان یەک بگرنەوە."

لەو پەیوەندیش دا پێویستە بەلین کە، هەڵسوڕانی ئاشکرا و دوور لە کاری ژێر بە ژێر، هەمیشە یەکێک لە پرنسیپە ناسراوەکانی کۆمەڵە بووە. هاوڕێیانی مۆخالیفی سیاسەت، ستراتێژی و بەرنامەی حیزب و کۆمەڵە کە تا ئێستا لە ریزەکانی ئەم تەشکیلاتەدا ماون و خوازیاری هاوکاری

و تێکەڵ بوون لەگەڵ باڵەکانی سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانن، ئەمری خۆیانە و ئینتخابی سیاسی ئەوانە. بەڵام ڕادەگەیەنین کە ئەوان ناتوانن لە ژێر داوا کردنی بەشێک لە ئۆردوگا و مەقەرەکان بۆ چەند کەس ،چی دیکە لە ریزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک بنکەیەک بۆ بردنە پێشی ئەم چەشنە پرۆژانە کەلک وەرگرن .

**دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

١٢/١٢/١٣٨٧